
# شعر

## لە نێوان تیۆر و پراکتیکدا



هۆشەنگ شێخ محەمەد

2006/5/23–22

هەولێر



دیارە قسە کردن لە شعر و نووسینی تێکست دوو شتی کەم و زۆر لە یەکدی جودان، شاعیرانێك هەن ئەتوانن بیر و باوەڕ و هەستەکانیان بە ئاسانی پراکتیك بکەن و لە تێکستدا بیانکەنە بەرهەم، بەڵام شاعیرانی دیکە هەن ناتوانن بەمشێوەیە کارەکە بە ئاسانی ئەنجام بدەن.

دیارە تێگەیشتن لە شعر ، کە رووە تیۆرییەکەیەتی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێك و لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی دی جیایە. من پێموایە شاعیرانی کۆن چ کلاسیکە بنیات دینییەکان و چ نوێکانیش بنیات سیاسییەکان توانیویانە بە ئاسانتر تیۆرەکانی خۆیان لە تێکستدا پراکتیك بکەن. بەڵام نەوەی نویٚ رەنگە بەو ئاسانییەی ئەوان نەیتوانیبیٚ، بۆ ئەمەش رەنگە گەڵێ هۆکار هەبن،

لەوانە:

1. گۆڕانی بنیاتەکان لە شعری نوێدا، و پەیدابوونی تیۆرەی نوێی تایبەت بە شاعیران وەك تاك، نەوەك وەك کۆ، دیارە بنیاتەکانی شعری کوردی هەمیشە گشتی و سەرتاپاگیر بوونە، ئەزموونەکان تەعبیریان لە کۆی کورد کردووە، نەوەك لە تاکی شاعیر، تیۆرەکانیش تیۆرێك بوون کە زۆربەی شاعیران بڕوایان پێهێناوە، هەر تیۆرەیەکە و لە سەردەمێکی تایبەتدا دەست بڵاو بووە و نەوەیەکی خستۆتە ژێر رکێفی خۆی.
2. دین و سیاسەت و سۆزداری رەنگە ئەوەندە راستەوخۆ چووبنە ناو شعرەوە کە پێویستی بە شعرییەتێکی قوڵەوە نەبێت بۆ ئەوەی سۆزی بەرامبەر و خوێنەر بجوڵێنێت ، ئەمە جگە لەوەی پێویستی بە لڤاندنی بیر و ئەقڵ نەبووە.
3. تیۆرە نوێیەکان ئالۆزتر و تێگەیشتنێکی قوڵتریان ئەوێت، سەرەتا بۆ ژیان و هەبوون ئینجا بۆ شعر و ئەدەب و کولتوور بەگشتی.
4. پەیوەندی تێکستی نویٚ بە تیۆرە پەیوەندییەکی قوڵتر و ئالۆزترە، پەیوەندییەکە لە بیری تاکەوە هەڵئەقوڵیٚ و تەماهی جیاوازی ئەکات لەگەل ئەزموونەکانی تردا، ئەزمونێك ئەیەوێت هەڵگری تیۆرەی خۆی بێت نەوەك هەڵگری تیۆرە گشتییەکان.
5. لە پەیوەندی تیۆرە و تێکست جاران بەرهەمهێنانی مانای دیار و ئاشکرا مەبەست بوو، بە پێچەوانەی تێکستی نویٚ کە ئەیەوێت تا بکرێت کار بۆ بێکۆتایی مانا و سڕینەوەی دەسەڵاتی مانا بکات.

6. زمان لە تیۆرە کلاسیکەکاندا زیاتر ئامێری گەیاندنی ماناکان بوو، کەچی لە تیۆرە نوێکاندا فەناکردنی ماناکانە لە نێو خۆیدا. ئەمەشیان کارێکی زەحمەتترە لەوەی پێشوو، بەخشینی مانا لە رێی زمانەوە زۆر لەوە ئاسانترە تۆ لە رێی زمانەوە مانا نەفی بکەیت.

7. تیۆرە ئەگەر بیرکردنەوەیە لە شعر، ئەوە تێکست جێبەجێکردنی ئەو بیرکردنەوانەیە بە شعرییەت، بیرکردنەوە تیۆرەکان دەوڵەمەند ئەکات و شعرییەتیش ئەو رێگەیەیە تیۆرەکان ئەکاتە تێکست.

8. تێکست بیٚ شعرییەت ناتوانێت ئەو بیرکردنەوانەی ئێمە هەمانە وەك تیۆرە بیانخاتە روو، بەڵکو بێی ئەو شعرییەتە هەمیشە لە نێوان تیۆر و تێکستدا مەودایەك بۆشایی ئەمێنیٚ. کە رەنگە ئەم بۆشاییە بە مانا یان بە وێنەی کەیی و زمانی ئامراز و شتی دیکە پڕبێتەوە.

9. کەواتە یەکێك لە خەسڵەتەکانی تیۆرە ئەوەیە کە ئەبێت شاعیر بەدوای ئەو شعریەتەش بگەڕێت تا تیۆرەکانی پیٚ بکاتە تێکست، ئەگەر نا رەنگە ئەو تیۆرانە زیاتر لە ماڵی رەخنەدا هاتووچۆ بکەن و نەتوانن بپەڕنەوە باخچەی شعر.

10. تیۆر پڕە لە گومانی رەخنەیی، بەلاچم تێکست پڕە لە گومانی شعری ، لەنێوان گومانی رەخنەیی و شعریشدا دوو ناسنامەی جودا هەن، جا بەیەکگەیشتنی ئەو دووناسنامە جودایە لە تێکستدا مەرجە گومانی شعری ببێتە ئەو گیاوگوڵەی کە خاکی باخچەیەك بزر ئەکات و کاتێکیش ئێمە لەسەر ئەو گیا و گوڵە ئەڕۆین نالێین بەسەر خاکدا ئەڕۆین بەڵکە رۆیشتن لەگیا هۆشەمەندیمان داگیر ئەکات . کەواتە تێکست ئەو گومانە شعرییە بە شعریەتەوە گومانە رەخنەییەکانی تیۆر تێئەپەڕێنێت.

11. ئەو تێکستانەی ناتوانن بە شعرییەت وزمان و وێنە شعرییەکانەوە تیۆرەکان لە ناو خۆیاندا فەنا بکەن، ئەوانە زیاتر بە گومانێکی رەخنەییەوە ئەمرن! و ئەو تیۆرانەش کە ناتوانن خۆیان لەناو سادەیی و ساکاری وێنەکاندا نگووم کەن، ئەوانیش زیاتر بە گومانێکی شعرییەوە لەناو ئەچن!

12. تیۆرە گومانی رەخنەییە، تێکست گومانی شعرە، تیۆرە لە عەقڵ نزیك ئەبێتەوە ، تێکست لە روح، کەواتە چەند روح بتوانێت عەقڵ گەمارۆ دات تێکستێکی شعریانەترمان ئەداتیٚ.



13. زمانی کلاسیك زمانی حکمەت و فەلسەفە و دین بوو، زمانی سیاسییەکان زمانی مانا و شۆڕش و نیشتمان و بەهاکان پیرۆزەکان بوو، زمانی تێکست .. زمان و روح و شعرییەتی روحە.